# یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی ١٩٩٨

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەل**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٣٩**
**رۆژی بڕیار: ١٩٩٧/١٢/٣٠**

**«بڕیار»**

پشت بەو دەسەڵاتانەی بە پێی بڕگە «٣»ی ماددە «٢» لەیاسای ژمارە «١٠»ی ساڵی ١٩٩٧دا پێمان دراوەو لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی رۆژی ١٩٩٧/١٢/٣٠دا یاساکاری کردووە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

## یاسای ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩٧
## یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی ١٩٩٨

**مادەی یەکەم:**

أ - بڕی (١٠٠،٨٢٠،٧٤،٠٧٣،٣) دینارو (١٨٠،٠٠٠) دۆلاری ئەمەریکی بۆ بودجەی خەرجی رۆژانەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی هەرێم بۆ ساڵی ١٩٩٨ تەرخان کرا.

ب - بڕی (٠٠٠،١٥٦،٧٧١) دینار بۆ بودجەی کارگەو فابریکەو فەرمانگەو کۆمپانیاو بانکە بازرگانی و تایبەتمەندییە خۆ بژێوەکان «ذات التمویل الذاتی» بۆ ساڵی ١٩٩٨ تەرخان کرا.

ج - بڕی (٠٠٠،٠٣٠،٧٧٨) دینار بۆ بودجەی «پلان»ی ساڵی ١٩٩٨ تەرخان کرا

**مادەی دووەم:**

داهاتی هەرێمی کوردستانی عێراق بە بڕی (٠٠٠،٧١٥،٢٤٧،٢) دینار مەزەندە دەکرێ بۆ ساڵی ١٩٩٨.

**مادەی سێیەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستانی عێراق ئەرکی پێدانی «حساباتی» وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی هەرێم، بەپێی داهاتی دارایی بەردەست ئەگرێتە ئەستۆ.

**مادەی چوارەم:**

سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بۆی هەیە گواستنەوە «المناقلە» لە چوارچێوەی بودجەی تایبەتی ئەنجوومەندا بکات.

**مادەی پێنجەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابووری، سەر پشکە لە گواستنەوەی «المناقلە» لە نێوان «اعتمادات» لە یەک دەروازەدا، تەنها بڕگەی مووچە نەبێ کە دەکرێت بۆی بگوازرێتەوەو نابێ لێی بگوازرێتەوە.

**مادەی شەشەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە هەڵسێ بە جێبەجێ کردنی گواستنەوە «المناقلە» لە نێوان «اعتماداتی» دەروازەکانی بودجەدا بەمەبەستی پاشەکەوتی کردنی بوارەکانی خەرج کردن بۆ ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە بڕیاری پەیوەندیی پچڕانیان لەگەڵ وەزارەتێکەوە دەدرێ و بە وەزارەتێکی ترەوە دەلکێندرێت.

**مادەی حەوتەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری سەر پشکە لە زیادکردنی کۆی «اعتماداتی» بودجەی پەسەندکراوی ساڵی ١٩٩٨ بەرێژەی ١٪ لە کۆی اعتماداتی بودجەی پەسەندکراو بۆ ئەم مەبەستانە:

١- دانانی بڕە پارەی پێویست بۆ بودجەی ئەو بەڕێوەبەرایەتیانەی کە لەماوەی ئەم ساڵەی سەرەوەدا لە نوێ دادەمەزرێن.

٢- زیادەکردنی «اعتمادات»ی نوێ لە بودجەی وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکان بۆ بارە نائاساییە کتوپڕییەکان، کە ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاری لەسەر دەدات.

**مادەی هەشتەم:**

وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەرکی ئامادەکردن و پەسندکردنی یەکەکانی «مفردات»، میلاکەکانی سەرجەم وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ساڵی ١٩٩٨ لە ئەستۆ ئەگرێ، لەسەر رۆشنایی بڕی ئەو مووچە پەسەندکراوانە لە بودجەدا.

**مادەی نۆیەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری دەبێ رێنمایی پێویست دەربکات سەبارەت بە دیاری کردنی توانای خەرج کردن بۆ بەڕێوەبەرایەتییە حکومییەکان لە ماوەی دوو هەفتەدا لە رۆژی دەرچوونی ئەم یاسایەوە.

**مادەی دەیەم:**

وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە رێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسان کردنی ئەنجامدانی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**مادەی یانزدەیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژنامەی رەسمیدا بلاو دەکرێتەوەو لە ١٩٩٨/١/١ـەوە کاری پێ دەکرێت.

**جوهر نامق سالم**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**